کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-4-2007 0:57

## مام جەلال بۆ واز لە pkk ناهێنێت ... نازم ئەسەد

nazmasd@yahoo. com

کە مامە لە نەخۆشیەکەی بە سەلامەتی بۆمان گەراوە نینکم بزنەکەی کردە خێروو و بای یەك یاپراغ گۆشتی بۆمان رەوانە کرد، ئەگەر چی گۆشتەکەی بزنەکەی نینکم چ پرۆتینێکی تیا نەمابوو بەلام منیش وەك ئەرکێك و نەریتێکی حزبایتی بی ئەوەی مامە لە نەخۆشیەکەی پێویستی بە خۆێنیش هەبێت لەگەل یاسینی دراوسیمان سەرو یەك بتل خوێنمان دا بە نەخۆشخانەکەی گۆرە توو...

دلنیام تەنها نینکم خێرو سەدەقەی بۆ مامە نەکرد، بەلکوو زۆربەمان ئەگەر دوو فلسمان لە قوژبنێکی مالە بی سەرووبەرکەمان هەبوایە ئەوا بۆ ئەم یەك دوو سال و رۆژەی تەمەنی مامە دەمان کردە خێرو سەدەقە و دوعامان دەکرد مامە سەلامەت بێت و تەمەنی داهاتووی تێکۆشانی لە پێناو کێشەی رەواوی گەلی کورد بێت..

بەلام مخابن هێشتا دورمانی تەقەلەکانی نەشتەرگەریەکەی مامە قەتاماغی نەگرتبوو چوو دیسان ماچ ئاسا ئۆردوغانی کردە باوش و داوەتێکی قەرداشانەی شاری کەرکوکی کرد، لەگەل ئەوەش مامە لە کۆنگرەی سەرانی عەرەب هەم دیسان ئەوەشی بیرچوو بۆ یەك دەقیقە باس لە تەنکژەکانی جی بەجی کردنی مادەی 140 دەستوری ئێراقی بکات و شان بەشانی ئوشیار زێباری دیسان بە ورگی زلیانەوە گەرانەوە پایتەختی ئێستای نەوەی تازەی سەرکردایەتی دەولەتی ئێراقی، گەر هەلە نەبم مامە خۆی لە نێو کۆشك و تەلارەکانی بیر چۆتەوە کە ئەو کوردە و تەمسیلی سەرکردایەتی هاوپەیمانی کوردستان دەکات و لە پێناو دەستکەوتەکانی ئەم هاوپەیمانەتیەش کورسی دەسەلاتی ئێراقی گرتووە.

ئەگەر چی مامە لەوەتەی بۆتە سەرۆك کۆماری ئێراق لە سەرکردە عەرەبەکان زێدەتر ئێراقچیاتی دەکات بەلام دەکرێت بلێن مام جەلال ئەزموونی درێژی تێکۆشانی خۆی لە هەزارو یەك گرێکۆرە خۆی دەبینێتەوە کە هەر یەکەیان خۆی بە لوخزێکی نادیاری پابەند بوون بە پیلانی دوژمانی کورد دەبەستێتەوە، لێرەش دەکرێت بپرسین مام جەلال ئێستا چی لە pkk دەوێت؟؟؟

ئەگەر لای مام جەلال کوردستان جێگای pkkی تێدا نابێتەوە خۆ ئێستا بە هاوکاری و پشتگیری خودی مامە نەوەك شوێنە ئاسایەکانی کوردستان بەلکوو هاوینە هاوارەکانیشمان پربووە لە وانەی بەقەدەر سەرە دەرزیەك خزمەتی دۆزی رەواوی گەلەکەمانیان نەکردووە و بەقەدەر کچە گریلایەکی pkk گیان لە دەست تێنەکۆشاوە بۆ سەربەخۆی و وەدەست هێنانی مافە رەواکانی خەلکی کوردستان، ئەوەی ماوە بلێم باشتر وایە بۆ مام جەلال لە پێناو سپی کردنەوەی مێژووی خەباتی خۆی لەشەری براکوژی ئەمجارەیان نەبێتە هۆکاری هیچ پلانێکی نێو دەولەتی بۆ راوەدوونان و کوشتارگەری گریلاکانی pkk کە نە هیچ بار قورسایەکیان خستۆتە سەر مام جەلال و نە بونەتە هۆکارێك بۆ تێك چوونی باری ئارمی هەرێمی کوردستان و ئێراقی بۆیە باشتر وایە بۆ مامە تا هەمومان خێری بۆ بکەین واز لە دژایەتی کردنی pkk بهێنێت...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.